# ئیرادەی پێکەوە ژیان

(پەروەردە)

پرۆفیسۆر ساڵح هۆشئۆغلوو، سەرۆکی زانکۆی ئیشک لە هەولێر

پەروەردە کە لە گۆڕانی کۆمەڵگەدا خاوەن کاریگەرییەکی بەهێزە، هەروەها لە پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگەکانیشدا فاکتەرەکی سەرەکییە. ئەو شتانەی کە هەر لە سەرەتای ژیانەوە لە لایەن مرۆڤەوە پەسەند کراون، دواتر گۆڕانی ئەوان تا بڵێی ئاسان نییە. لەم سۆنگەیەوە کاتێک کە کۆمەڵگەکان شتێک کە بیانییە دەیناسن، باوەش کردنەوەیان بۆ ئەو شتە دەبێتە خاوەن گرینگی.

کاریگەری پەروەردە بۆ پێکەوە ژیانی کولتوور، بیروڕاکان و قەومە جیاجیاکان لە ناو وڵاتێکدا، لە ژێر چەند خاڵی جیادا، دەبێت لێ بکۆڵرێتەوە و شی بکرێتەوە. لەم قسانەدا، ئەو چەمکە لە ژێر سێ بابەتی جیادا شی دەکرێتەوە و هاوکات لەگەڵ شیکردنەوەی هزری و تیۆریدا، نموونەی کرداریش نیشان دەدرێت.

**١- نیشان دانی ئیرادەی پێکەوە لە ناو تەباییدا ژیان لەو کۆمەڵگایانە کە ئاستی پەروەردەیان بەرزە.**

**٢- هاوکاریکردنی ئیرادەی پێکەوە ژیان بە ڕێگای ناوەڕوکی بەرنامەکانی پەروەردە و پەروەردەی تایبەتەوە.**

**٣- پێویستە شوێنی پەروەردەو ڕێوشوێنی وەرگرتنی پەروەردە ببێتە زەمینەیەک بۆ فێربوونی ژیانی پێکەوە.**

**نیشان دانی ئیرادەی پێکەوە ژیان و لە ناو تەباییدا ژیان لەو کۆمەڵگایانە کە ئاستی پەروەردەیان بەرزە،**

کاتێک کە ئاستی پەروەردەی کۆمەڵگە بەرز دەبێتەوە، بە شێوازێکی هەستیارانە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی لێ چاوەڕوان دەکرێت. نموونەی ئەوە وڵاتانی ئەورووپین کە بە سەدان ساڵ شەڕی خوێناوییان کردووە، بەتایبەت ئەڵمانیا و فەرەنسە کە بە پێکهاتنی یەکێتیی ئەوروپاوە دوژمنایەتی کۆنیان بەگۆڕ ناوە. بەڵام ڕاست نییە کە لێرە پێکهاتنی یەکێتیی ئەوروپا تەنیا بە پەروەردەی باش و بەرزەوە بنرخنرێت. بێگومان ئەو پێکهاتە دەرئەنجامی قوناغێکە، کە چەندین فاکتەر کاریگەرییان لەسەر کردووە. هاوکات لەگەڵ ئەوەی پێویستە قەبووڵی بکەین، کە بەرزبوونی ئاستی پەروەردە لە ناو گەلانی ئەوروپی و باش هەڵسەنگاندنی دەسکەوتە مێژووییەکان و پێکهاتەی کۆمەڵگەی کراوە، ئەو دەرسانەی کە لە ڕووداوە تاڵەکانی ڕابردوو وەرگیراون، زاڵکردن و پەیڕەوکردنی دیموکراسی لە ئاکامی دامەزراندنی هاوبەشی پێکەوە ژیانی ئەو کۆمەڵگایانەیە کە لە ڕابردوودا شەڕیان کردووە.

ئەوە نە بە مانای ئەوەیە کە لە ناو کۆمەڵگاکاندا ڕەقابەت و ڕکەبەری بۆ دامەزراندنی پێکهاتەی پێکەوە ژیان کۆتایی هاتبێت.بەڵام زۆرینەی کۆمەڵگاکان گەیشتنە ئەو بیروڕایە، کە پێکەوە ژیان، دەسکەوتی زوورە. هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی پەروەردە، ململانێیەکانی نێوان کۆمەڵگەکان نەرمبوونە و نایانەوێت لایەنی بەرامبەر لەناو ببەن، بەڵکوو شێوازی کاریگەرییان بە خۆوە گرتووە. ئیتر ئامانجی ڕەقابەتەکان لە چوارچێوەی قانوونە دیارکراوەکاندا بەپێش دەکەوێت. پەروەردەشرۆڤەکانی بەرزتر لە ڕاستی مرۆڤەکان و کۆمەڵگاکانی کەم کردۆتەوە و ئەوەشی وەکوو هەڵویستێکی باش نیشان داوە، کە بۆ تێگەیشتنی ئەوانیتر سوودیان هەیە.

**هاوکاری کردنی ئیرادەی پێکەوە ژیان بە ڕێگای ناوەڕۆکی بەرنامەکانی پەروەردە و پەروەردەی تایبەتەوە.**

فێربوونی پێکەوە ژیان لە ناو پەروەردەدا، بابەتێکی سەرەکییە. لە ناو

پەروەردەی شێوازکراو و ڕەسمیدا، ئامانج ئەوەیە کە مرۆڤ فێری ئەرکە سەرەکییەکانی هاووڵاتیبوون و مرۆڤایەتی ببێت، بەڵام ناوەڕۆکی ئەو بابەتانە هەموو کاتێک نابنە پاڵپشتێک بۆ پێکەوە ژیان. زۆربەی جاران لە ژێر ئەو بابەتانەدا، پەروەردەیەکی دیکە دەدرێت. سەبارەت بەوە ئەو شتەی کە زۆر جار دەبێتە بابەتی گفتوگۆ، لە ناو کتێبەکانی مەکتەبدا سەبارەت بە کۆمەڵگەکانی دیکە، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە ڕابردوودا پێکەوە شەڕیان کردووە یا هێشتاکە لە نێوانیاندا ناکۆکی هەیە، بابەتی دوژمنانە و بێڕێزی کە لە ڕاست بوونیان بە گومانن، لە ناو ئەو کتێبانەدا هەن.

ئەو زانیارییانە کە لێرەوە دەدرێن، هەرچەندە کە ڕاستیش بن، بەڵام ئەو خەوشە لەناو نابات. بەتایبەت ئەو کاریگەرییەی کە لەسەر هێزی تێگەییشتنی ئەو منداڵانە دەکات، کە لە ئاستی سەرەتایی و ناوەندیدا خەریکی خوێندنن. پێویستە وەکوو ئامرازێکی دیاریکەر بیرێکی لێ بکرێتەوە. نابێت لە بیری ببەینەوە، ئەو زانیارییانەی کە لە کاتی سەرەتایی و ناوەندیدا وەردەگیرێن، زۆر لە ناو مێشکدا دەمێننەوە. بۆ ئەوەی لە هەرێمەکەمان کولتووری پێکەوە ژیان پێش بخەین، پێویستە ئەو بابەتانەی کەلە ناو کتێبەکانی مەکتەبدا وەکوو مێژوو، جوگرافیا و ئەو زانیارییانەی سەبارەت بە ژیانی ڕۆژانە، بە شێوەیەکی بەرچاو و بە زمانێکی تەباییانە و باوەشکەرەوە بنووسرێن. لە ڕاستیدا لێرە گرینگتر لەو زانیاریانەی کە دەدرێن، ئەو تەسەوڕەیە کە دروست دەکرێت. بە تایبەت لە بواری نرخە ئایینییەکان، کولتوور، جوگرافیا و زانیارییە بنەڕەتییە سیاسییەکانە، پێویستە بە ڕێژەوە سەیری نرخ و بایەخی کۆمەڵگانی تر بکرێت. ئەو پێناسانەی کە لەسەر ناسنامە بنیادنراون و ئامانجیان بێگانە کردن و بە دژمن ناساندنی ئەوانی دیکەیە، قەبووڵ ناکرین. پێویستە هەموو لایەک بە چاوی ڕێزەوە لەو ڕاستییە بڕوانن. بەداخەوە زۆر نموونەی ئەوا هەیە کە بۆ پێناسەکردنی ناسنامە، هەوڵدراوە کە ئەو ناسنامە لەسەر بنەمای دژایەتیی کردنی ئەوانی دیکە بناسێنرێت.

بۆ بەهێز کردن و باش کردنی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەو وڵاتانەی کە لە ناو جوگرافیای دراوسێدا دەژین، پێویستە قۆناغەکان و شێوەی پەروەردە چاوی پێدابخشێندرێتەوە و پێموایە لە قۆناغەکانی خوێندندا بە شێوەی موتەقابیل، پەیامی ڕاست و بنیادنەر لە بارەی یەکترییەوە بدرێن و کە ئەمە ئامرازێکی کاریگەر دەبێت.

ماوەتەوە بڵێین کە تورکیا لەگەڵ زۆربەی دراوسێکانی لە بواری مێژووییدا، خاوەن زۆر شتی هاوبەشە. ئەگەر بێتو چاوێک لە خاڵی سەرەکیی ئەم کۆبوونەوە بکەین، بۆ ئەوەی کە پەروەردە بتوانێت بۆ تەبایی و پێکەوە ژیان ببێتە خاوەن کاریگەریی، پێویستە ناوەڕۆکی پەروەردەش بە پێی ئەوە سەرڕاست بکرێت. ئەو دەوڵەتانە و ئەو کۆمەڵگەیانە کە لە هەرێمەکەدا دەژین، پێویستە ئەوە بە بنەما وەربگرن و لە کتێبەکانی مەکتەب و سیستەمی پەروەردە کردنی منداڵەکاندا ڕەچاوی بکەن و مافی ئێمەیە کە چاوەڕوانی ئەوە بکەین.

بۆ ئەوەی کە پەروەردە بتوانێت لە بەیەکتر ناساندن و لەیەکتر تێگەیشتنی گرووپە جیاجیاکانی ئایینی، نەژادی و لایەنە سیاسییەکان کە لە ناو یەک وڵاتدا یا بە شێوەیەکی تێکەڵ یا خۆ جیاجیا دەژین و ببێتە خاوەن ڕۆڵ، پێویستی بە هاویشتنی چەندین هەنگاو هەیە. دەزانین کە لە ناو زانستی کۆمەڵناسیدا ڕاستیی مۆتڵەق نییە، ئەو ڕاستییانەیش کە دەزانرین بۆ هەموو جۆرە شرۆڤەک واڵان. لەم سۆنگەیەوە لە قۆناغەکانی پەروەردەدا، ناسنامە، پەیوەندییە مەدەنییەکان، بیروڕاکان و گۆشەنیگا مێژووییەکان، بیروبۆچوونی جیاواز هەڵدەگرن و هەڵسەنگاندنی جیاوازیان بۆ دەکرێت ، لانیکەم دەکرێ لەسەر هەندێک لەوانە کۆدەنگییەک هەبێت. ئەوەش بە هەڵسەنگاندن و ڕێککەوتنی ڕۆشنبیرانی ئەو وڵاتە لەسەر ئەو چەمکانە وەدەست دێت.

لەژێر خاڵی پەروەردەدا بە تایبەتی فێرکردنی پێکەوە ژیان، بابەتێکە کە پێویستە زۆر بە جدی لەسەری ڕابوەستین. ژمارەی ئەو زانایانە زۆرن کە وا بیر دەکەنەوە. مرۆڤەکان لە هەموو بوارێکدا پەروەردەیەکی ماندووکەر و درێژ دەبینن، بەڵام فێری پێکەوە ژیان نابن و ئەوەش

کەموکۆڕتییەکی گەورەیە. هەرچەندە لە مرۆدا و لەم بارەیەوە کارێکی زۆر کرابێت، بەڵام هێشتا پێویستە ئەو بابەتە بە باشی شی بکرێتەوە.

**پێویستە شوێنی پەروەردە و ڕێوشوێنی وەرگرتنی پەروەردە ببێتە زەمینەیەک بۆ فێربوونی ژیانی پێکەوە.**

ئەو شتەی کە پێموایە لە گۆڕانکاریی پەروەردە و فێربوونی پێکەوە ژیان گرینگترە، فێربوونی سروشتی لە شوێنی پەروەردە و وەرگرتنی و بە عەمەلی کردنی ئەو شتەیە کە وەردەگیرێت. با بەم شێوەیە بیر بکەینەوە: کەسێک کە لە گوند، گەڕەک و شاری خۆی دەچێتە مەکتەب، لە باخ و بێستان و لە کارگەی خۆیدا کار دەکات، دەچێتە ناوەندی شارۆچکە یا شار، لە ئالا و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەپێی خۆی سود وەردەگرێت و مێشکی خۆی ماندوو ناکات، گوێ لە شتی کومێدی دەگرێت و سەیری ئەوان دەکات، داخۆ ئەو کەسە سەبارەت بەو کەسانە کە بیانین، چۆن بیر دەکاتەوە؟ بەلانیکەمەوە سەبارەت بە ئەوانە کە بە زمانێکی دیکە قسە دەکەن، خاوەن بیروڕایەکی جیاوازن و یا بە شێوەیەکی جیاواز جلوبەرگ دەبەر دەکەن، چۆن بیر دەکاتەوە؟ ئەو هەواڵە ناڕاستانە کە سەبارەت بە ئەوان گوتراون، چۆن هەڵدەسەنگێنێت؟ بێگومان ئەو شتانە کە سەبارەت بە ئەوانی دیکە بۆ ئەو کەسە باس کراون، کاریگەریی زۆریان لەسەر دەبێت.

لە شارێک کە هیچ ڕەشپێستی تێدا نییە، کاتێک کە یەکەمین ڕەشپێست دەبینرێت لە لایەن زۆر کەسەوە بە دڕندە لە قەڵەم دراوە، ئەو شتەمان زۆرجار بیستوە. بۆ بەرگرتن بەم دیاردانە، نابێ تەلەڤزیۆن وەک سەرچاوە سەیر بکرێت، بگرە پێویستە بۆ خۆی لە ژیانی ڕاستەقینەدا ڕەشپێستەکان ببینێت، لەگەڵ ئەوان، لەیەک شوێندا دابنیشێت و لە یەک چایخانەدا پێکەوە چای بخواتەوە و لەگەڵ ئەواندا گفتوگۆ بکات. ئەو کاتە تێدەگەن کە ڕەشبوونی پێستی ئەوان نابێتە هۆی نائارامی و شتی خەراپ و ناخۆش. بۆ لە ناو بردنی جیاوازی لە ژیانی ڕۆژانەدا، بەکارهێنانی شوێنی هاوبەشی پەروەردە، ئامرازێکی کاریگەر و بەهێزە. لە ناو جۆگرافیای ئێمەدا، نەژادپەرەستی، جیاوازی ئایینی و بیروڕاکانی دیکەی لەم جۆرە، خاوەن بناغەیەکی بەهێزی مێژوویی نین. بەڵام جار جار لە لایەن دەسەڵاتی گشتییەوە یان بەهۆی سایکۆلۆژییەتی گرووپێکەوە، ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە هاندراون.

ئەو ناوەندانەی پەروەردە کە لەلایەن ڕێکخراوە ناحکوومییەکان واتا ئێن جی ئۆکانی تورکیاوە و لە وڵاتانی دیکەی جیهان دامەزرێندراون و پێشوازیی باشی خەڵکی ئەو ناوچانە لەو ناوەندانە، نموونەیەکی پۆزیتیفی پێکەوە دابەشکردنی شوێنی پەروەردە و سەرکەوتنی لە بواری هێنانە دی برایەتییە. منداڵانی گرووپە جیاجیاکانی نەژادی، ئایینی و سیاسی بەو شێوەیە کە لە هەرێمەکەماندا دەبینرێت، هەموویان لە یەک شوێندا دەخوێنن و یەکتر دەناسن و لە پێکەوە ژیان ڕادێن. هاوشێوەی ئەوە لە وڵاتانی دیکەی جیهان، دامەزراندنی مەکتەب و ناوەندەکان بەردەوامە. فەلسەفەی ئەوە سەرەتا قەبووڵکردنی مرۆڤەکان وەکوو مرۆڤ و فرەیی ناو کۆمەڵگاکانە، کە پێشتر ببووە هۆی نائارامی و شەڕ و پێکدادان، ببێ بە فاکتەرێک بۆ دەوڵەمەندی. کاتێک لە هەرێمەکەمان سەیری ناوەڕۆک و بەکگراوندی کولتووری و زانیارییەکان دەکەین، دەبینین فەلسەفەی قبووڵکردنی مرۆڤ وەکو مرۆڤ، فەلسەفەیەکی زاڵە. بەتێپەڕبوونی زەمەن، ئەو بیروڕا نەژادپەرەستانە و ئەو هەڵوێستە توندڕەوە جیاکەرەوانەی کە پتر لە دەرەوەڕا هاتوون، بوونەتە هۆکاری گۆڕانی ئاستی تێگەییشتنی خەڵک و تێڕوانی خەڵکی بۆ تەعەدودییەت گۆڕیوە. وەک یوونس ئەمرە دەڵێت: پەروەردە سەرەتای یەکتر ناسین و تەعاروفە.

یوونس ئەمرە دەڵێ:

وەرە با یەکتر بناسین
کارەکە بە ئاسان بگرین
خۆشەویست بین و خۆش بویستریین
ئەم دونیایە بۆ کەس نییە

ئاشنا بوون و یەکتر ناسین و بەیەکەوە بوون، دەرگا بۆ هاوبەشیی دیکە و خۆشەویستیی دەکاتەوە، کە فەلسەفەی بنەڕەتی ئێمەیە بۆ تێگەیشتن لە فانی بوونی

دونیا و لە ناو بردنی ناکۆکییەکانی نێوانمان، یاریدەدەر دەبێت.

پێویستە بگوترێت، کاتێک کە بە دوای ڕێگای پێکەوە ژیاندا دەگەڕین، پێویستە سەیری ئیمکاناتی خۆمان لە بواری پەروەردەدا بکەین. بڕوام ئەوەیە، کاتی ئەوە هاتوە کە تورکیا لەم بوارەدا هەنگاوی گەورە بنێت. وەکوو دەزانرێت سالآنێکی درێژە کە دەرگاکانی عێراق بە رووی دونیاوە داخرابوون، شەڕی گەورە روویاندا و ئابلووقەی بە خۆیەوە دیت و زۆرێک لە رۆشنبیرەکانی فەوتان. ئەو نائارامییەی کە بە هۆی تیرورەوە لە سەرتاسەری عێراقدا هاتبووە کایەوە، (هەرچەندە لە هەرێمدا بەدی نەکراون، بەڵام هەست بە کاریگەرییەکانی کراوە) بووە هۆی ئەوەی کە ئاکادێمیسییەن و رۆشنبیرەکان، وڵات بەجێبێڵن. لە بەرامبەر ئەوەدا، تورکیا بەو پێشکەوتنە گەورە و خێرا ئابووری و ئاکادێمیانەی کە هەیەتی، دەتوانێت بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببێتە هاندەر و یاریدەدەر. پێویستە تورکیا دەرگاکانی خۆی بەڕووی خۆیندکارانی لیسانس و خۆیندنی باڵا لە هەرێمە جیاجیاکانی عێراقدا بکاتەوە.

دەزانین کە سالآنە لە هەرێم و بەشەکانی دیکەی عێراقەوە بەدەیان هەزار خۆیندکار بۆ خۆیندن روو دەکەنە وڵاتانی دیکە، هەر لە هیندستانەوە بگرە تا دەگاتە ئەمەریکا. بەڵام بە هۆی ئەو ئاستەنگانەی کە لە تورکیادا هەن، ژمارەیەکی زۆر کەم روو لە تورکیا دەکەن. ئەوە لە کاتێکدایە کە دراوسێ بوونی تورکیا بۆ ئەوان، دەتوانن دەرفەتێکی زۆر باش و ئاسان بێت. ئەو کەسانەی کە لە وڵاتانی دراوسێ بۆ تورکیا دێن، بە هۆی هاوبەشیی کولتوورییەوە زوو دەتوانن لەگەڵ کۆمەڵگەی تورکیادا خۆیان بگۆنجێنن. بە پێی ئاست و پلەی خۆیندنی باڵا لە تورکیا، ڕێژەی وەرگرتنی خۆیندکاری بیانی لە تورکیادا زۆر کەمە. بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی کە لەلایەن ناوەندی جێبەجێکردنی خۆێندکارییەوە دراون، لە ساڵی ٢٠٠٥–ـ ٢٠٠٦ دا ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە زانکۆکاندا ناویان تۆمار کراوە، دوو ملیۆن و سێسەد و نۆ هەزار و نۆسەد و هەژدە کەسن. کە لەو ڕێژەیە، تەنیا ملیۆن و نیوێکیان لەبەر خوێندان دان و درێژەیان پێداوە. ئەم ساڵ، ئەو ڕێژە نزیکەی دوو ملیۆنە. لە ناو ئەو ڕێژەیەدا، بە تەنیا ١٦,٠٥٩ خۆیندکاری بیانی هەن. ئەو ژمارەیە لە هەر دە کەس، شەش کەسە، کە ڕێژەیەیەکی زۆر کەمە. بەلەرچاوگرتنی ژمارەی و ریژەی خەڵکی ئەکادیمیست و تواناکانیان لەو بوارەدا، ئەو ریژەییەی خوێندکاری بیانی زۆر کەمە. پێویستە کە ئەو ڕێژەیە بۆ ئاستی لە سەدا دە بەرز بکرێتەوە و ئەم ریژەیە بکرێتە ئامانج و بۆ ئەوەش، دەرگاکان بۆ ئەو خۆیندکارانەی کە لە وڵاتانی دراوسێیەوە روودەکەنە تورکیا، بکرێنەوە.

بۆ جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژانەی کە بەهێز کردنی دۆستایەتی و کولتووری پێکەوە ژیانی گەلانی هەرێمەکەیان کردۆتە ئامانج، بواری پەروەردەیی ئامرازێکی کاریگەر و بەهێزە. لە چوارچێوەی خۆگونجاندنی تورکیا لەگەڵ یەکیەتیی ئەوروپادا، کار و چالاکییەکان بۆ پەیڕەو کردنی سیستەمی ترانسفەری خۆێندکار بۆ زانکۆکانی ئەوروپا بەردەوامە. لە ناو ئەو گفتوگۆیانەدا کە بە مەبەستی هاوسەنگی و هاوشانیی نێوان زانکۆکان لە نێوان تورکیا و یەکیەتی ئەوروپادا هەیە، زانکۆکانی عێراقیش لەگەڵ هی تورکیا هاوسەنگ بکرێن. لەم بارودۆخەدا بە بڕوانامەی عێراق دەتوانرێت، لە تورکیا زانکۆ بخۆێنرێت یا بەشێکی زانکۆ لە عێراق و بەشەکەی دیکەی لە تورکیا بخۆێنرێت و بەپێچەوانەشەوە.پێویستەلەبیرمان‌نەچێت، کە بۆ پەیڕەوکردنی ئەو ڕێوشوێنانە، پێویستیمان بە کات هەیە. ئەو شتەی کە پێویستە بە خێرایی لە تورکیادا پەیڕەو بکرێت، ئەوەیە کە مەرجی بەرنامەکانی پەروەردە بۆ لیسانس، لیسانسی بەرز، دوکتۆرا و دوکتۆرای بەرز گۆنجاو بکرێن و ئەو خۆێندکارانەی کە لە عێراقەوە بۆ تورکیا دێن، ئاسانکارییان بۆ بکرێت.

# توێژینەوە

گۆڤارێکی وەرزییە

ژمارە ١٢

ئەم ژمارەیە تایبەت بە
کۆنفرانسی هەولێرە

تەوەری باس:

## وابەستەیی بەرانبەر و دەرفەتەکان

گۆڤارێکی وەرزییە
ژمارە ١٢

